# لەم كیشوەرە... نەبزی خیابان زۆر خێرا لێدەدات!!

## زمنـــاكۆ بورهـــان قـــانـــع

**تاران - انقلاب**
*خیابان دكتر مفتح - میوانخانەی* **نیما**
**نۆڤەمبەری** 2007

*****************************************************

**بمبەخشە ئەی دۆست... بۆ لەمەودوا من پرۆژەی كاولكردنی خۆم دەگرمە بەر..**

*****************************************************

**تێبینی:/** لە هەندێك وێنەی شیعرییدا رۆچوومەتە ناو وێنە شیعرییەكانی دوو شاعیری گەورەی فارس ئەوانیش(**مهدی اخوان ثالث**) و (**فریدون مشیری**) ن.

*****************************************************




لەسەر گۆڕی شاعیری گەورەی فارس (فریدون مشیری) لە تاران– گۆرستانی (بهشت زهرا)..

**************************************************

من دووبارە پەڕ پەڕ هەڵدەوەرێم ئەی یار

بۆنی عەتری تۆی لێدێت ئەم کوچەیە... ئەی دۆست

سەدای دەنگی تۆ دەبیستم لەم خیابانە... خاتونی من

ئەی ساکینی سەر زەمینی من

ئەی ئیمارەتی خەراباتی پڕ وەحشەت و تەنهایی من

ئەم لەحزەیە...

فەسڵی هیجرەت و مەرگە... کە تۆی لێنیت!!

نەبزی خیابان زۆر خێرا لێدەدات... لەم کیشوەرە... لە غیابی تۆ

ئێرە زادگای یەکەمین خەونی منە بۆ تۆ... خانمی من

ئێرە پەنجەرەی یەکەمین روانینی منە بۆ تۆ... خاتونی من

ئەی داهۆڵی حەقلی وشك و سوتاوی من! !

ئەی فەزاعەی مەزرەعەی بێ دانەوێڵەو بێ دەغڵی من! !

لەم کیشوەرە

هەدەف دوورە بۆ گەیشتن بە لیقائت

زەلزەلەی ساعەتی مەرگ زۆر قەریبە... بۆ چونە نێو قەبرێکی سارد

چوون لەمەودوا

سەدای مەرگێك بە کەلامی خودا حافیز

تەمی بەر پەنجەرەکەم رادەماڵێ

موعجیزەی بێداری من لەم شەوەدا...خەجاڵەتە! !

قەڵەمی من خامۆشە! !

قەلبی من پڕ لە حوزنە! !

بە وێنەی سەدای پڕ حەنین و

ئیحساسی مەحبوسی تۆ

دەسا بیا ئەی دۆست... بیا ئەی یار

نوری ئەو شەمعەیە خامۆش مەکە

لەم غورفە بێ پەردەیەی دڵی مندا! !

رەنگی زەردی ئەم ئافتابە لە سەحرادا... تاریك مەکە! !

لەحزەی دیدار کە من مەستم... خامۆش مەبە! !

"ئەی تەکیەگا و پەنای زێباترین لەحزەکانی پڕ قیسمەت و

پڕ شوکرو تەنهایی و خەڵوەتی من"

بیا ئەی دۆست... بیا ئەی یار

تۆ... لە کوچەی گەورەی پڕ لە نەجابەتی عەشقت

سرور و غەمی من

لە پێکەنینە شەرمنەکانی خۆت جیابکەوە

بیا... تۆ... ئەی سەحابی دڵپڕی من

بیا... تۆ... ئەی هەوری تەڵخی ئاسمانی من

بباریێنە بارانی پڕ قینی خۆت

بەسەر حەقل و مەزرەعەی دڵی مندا!!

گەر بۆتکرا... بە دەهلیزێکی ترسناك

یان بە جونبوشی نەبزت

گوڵی سوری ناسینی من پەڕ پەڕ بکە... بە ئیفتیخار!!

بیا ئەی دۆست... بیا ئەی یار

ئەگەر نایەیت... بە نەفرەت بیت

لەشی من هەمووی جێکەڵبەی پڕ لە غەزەبی تۆیە... ئەمشەو

غاباتی من خاڵییە... لە فڕینی کۆتری تۆ

یاقووتی من... لە کەلاوەی زبڵخانەی فیکری تۆدا

ڕەونەقی نییە... ئەفسوس!!

کلیلی تۆ... هێند زەلیلە هیچ قوفڵێکم ناکاتەوە!!

باخچەکانت... هێند بۆگەنە هیچ تەیرێکم نافڕن لەوێ!!

فیردەوسی تۆ... هێند سەخیفە

هیچ کافرێك... بە کۆڵێك کفرەوە

قەت ناوێرێت توخنی کەوێت

مەرقەدی تۆ... هێند کاولە

هیچ موریدێك... لە تەریقەتی ئەم عەشقەی من نایەتە لات!!

ئینجیلی تۆ... هێند سەقەتە... هیچ مەسیحێك حونجەی ناکات!!

بیا ئەی دۆست... بیا ئەی یار

گەر نەهاتی... چاك بزانە

ئەم جەللادە... لە لەشی پڕ لە سوێی مندا نەبێت... هیچ قامچییەك ناوەشێنێت!!

ئەم فیرعەونە... لە هەرەمی دڵی مندا نەبێت مۆمیا ناکرێت!!

ئیدی ئەی یار

ئەمە هیجرەی ئەو قەومەیە... کە لای تۆ یەك خێمەی نیە ! !

ئەمە قەتڵی ئەو عەبدەیە...کە لای تۆ قیمەتی نیە ! !

ئەمە نەبزی دڵی منە...وەکو بورکان توند لێدەدات ! !

ئەمە خوێنی جەستەی منە... وەکو فوارە دەڕژێتە پێت ! !

ئەمەش جومجومەی منە... کە وەك تۆپ بەرشەقی ئەدەیت ! !

*************************************************

*/جوملەی نێو کەوانەکە دێڕە شیعرێکی (**مهدی اخوان ثالث**) ە .